سەرۆك وەزیران و باڵیۆزی ئەمریکا لەبارەی دەسی سەردانەکەی بە واشنتۆن تاوتوێ دەکەن

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی لە گەڵ باڵیۆزی ئەمریکا ئەلینا ڕەمانۆفسکی تاوتوێ دەسی سەردانی سەرۆك وەزیران بە واشنتۆن دەکەن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە پێشوازی لە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق ئەلینا ڕەمانۆفسکی کرد "، هەروەها "لە کۆبوونەوەکدا تاوتوێی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و چڕنیەتی بەهێزکردنیان کرا و جەختیان لەسەر بەردەوامبوونی خولی وتوێژی دوو قۆڵی و لیژنەی باڵای سەربازی هاوبەش کردەوە کە پێویستە بە ڕەکخستنی کەتایی هێنان بە ئەرکەکانی هاوپێمانی نێودەوڵەتی لە عێراق".

هەر بەپێی ڕاگەیندراوەکە "لە کۆبوونەوەکدا گفتوگۆ لەسەر ئەو دەسیانە کرا کە لە سەردانە چاوەڕوان کراوەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە واشنتۆن باسیان لێوە دەکرێت لەگەڵ میکانیزمی هەماهەنگی لە چوارچێوەی ڕەکخوتنی چوارچێوەی ستراتیژی نێوان عێراق و ئەمریکا و ئەو لیژنانەی لێو بارەوە پێکهێنراون".